## دیاردەی کەمالی سەید قادر... شوان ئۆسمان بابان

ئاشکرایە کە بزاڤی دیموکراسی لە کوردستاندا بە ڕێگەیەکی بە گوڵ چێنراو تێناپەڕێ، بەڵکە ئەو ڕێگایە بە دە ڕبەندێکی مێن چێنراو بە جۆرەهایی مین تێدەپەڕێ، ئەو تاقیکردنەوەی لە دوای دروستبونی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان دەستی پێ کرد و توانی لەم چەند ساڵەی ژیانیدا تۆتکە بگرێ بە چەندین قۆناخ ناوچە تۆتالیتاریەکانی دەور و پشتی خۆی لە ژێر تۆزی دواکەوتن و حوکمی یەک ڕەنگی و یەک دەنگی ئایدلۆژیا سوواوەکاندا بەجێ بهێڵێ، کەچی بە داخێکی زۆرەوە لە زەرفی دوای ڕوخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری، جاشایەتی چەندەها جۆری تری بە خۆیەوە دەبینێ، لە زەمانی پێشودا، جاشەکان ووشەی (جاشایەتی) یان بە سنگێکی فراوانەوە قبوڵ دەکرد، وەلێ ئەمرۆ هەر ئەو جاشانە ریزبەند بوونە دگەڵ تابورێکی بێ سەر و بەر لە کۆنە بەعسی و داخ لە دڵ و کرێ گیراوو و هەر وەها بەغەشیمانە چەندین کەس لە بەرهەڵستانی راستەقینە و کەسی خۆ بە مەغدوور زان و ترۆ کراو بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن خۆیان لەو تابوورە درێژەدا دەبیننەوە. ئەگەر بلوێ ئێمە ژورێکی ناو تۆری پاڵتاک بە نمونەیەکی بچووکی ناو کۆمەڵگای کوردەواری بشوبهێنین (کە لە رووی زانیاریەوە ناکرێ بکرێت چونکە ئەوانەی لە تۆرێکی وادا کۆ دەبنەوە ناتوانن نمایندەگی هەمو چینەکانی ناو کۆمەڵگا بن) ئەوا لە ماوەی چەند کاتژمێرێک لە گوێ کرتن لە ڕاو و بۆچوونەکان ئەو ڕاسیتیەمان بۆ دەردەکەوێ کە ووڵاتانی دەورو پشت کە هەر یەکەو بەشێکی خاکی کوردستانیان داگیر کردووە هەروا کۆنە قینی پارت و لایەنەکان و تەنانەت دەزگاکانی ڕژێمی گۆربەگۆری بەعس کە ئەمرۆ خزاونەتە نیوەندە جۆراو جۆرەکان دەورێکی ڕاستەوخۆیان هەیە لە بزواندنی کێشەکان و دروستکردنی سیناریۆی سەیرو سەمەرە بە مە بەستی ڕێگە گرتن لە گەشە کردن و بەڵکو گەر بکرێ لە هەوڵی گۆرنانی تاقیکردنەوەکەدان ئەوەتا ئەمرۆ دەبینن کە ژوورێکی گومان لێکراو لە ناو تۆری ئەنتەرنێت بۆ ماوەی چەند رۆژێکە بابەتێکیان دامەزراندووە گوایە بۆ پاڵپشتی کردن لە کەسێک ناوی کەمالی سەید قادرە کە گوایە (نوسەرێکی گەورەو یاسا ناسێکی خاوەن دوو بروانامەی دکتۆرا) یە لە سەر ڕاو و بۆچوونەکانی بێ سەرو شوێنکراوە کاتێکیش فزوڵ پاڵت پێوە دەنێ بڕۆی چاو بە بابەتەکانی بخشێنی دەگەی بە ئەنجامێک کە ئەوەی ئەم هەرایەی بۆ دەکرێ نەک نووسورێکی گەورە نییە بەڵکو لە بواری یاساناسیشدا کە گوایە پرۆفیە تێیدا گەلێ کلۆڵ و نا عارفتەیە، هەرچی نوسراوەکانیشێتی پڕە لە جنێو بەڵام لە نزمترین ئاستدا بە کۆمەڵێ خەڵک لە کوردستاندا هەر وا بە زمانی ئارەویش بڕە نوسێنێکی لە ماڵپەری (سوت العراق) دا بڵاو کردووەتەوە کە دەققاو دەق ماڵپەڕی قێزنەونی (کتابات) کە گۆڵاوە ماڵپەرێکی بەعسیانی پر جنێوە بە کورد بڵاویان کردووەتەوە لە بەر هیچ نا تەنها لە بەر ئەوەی ڕێک لە گەڵ هەمو بۆچوونەکانی وان ڕێک دەکەوێ هەر و ماڵپەری (الجبهە الترکمانیە) یش ووتارەکانی ئەوی لای خۆی بڵاوکردووە، لە دانەیەکیان کە لە ژێر ناونێشانی (. .. **أنتقام موساد: کیف حاول ألموساد تصفیتی فی أربیل**) دا بڵاوی کردووەتەوە کوردستان بە مۆڵگای موسادی ئیسرائیلی و سەرۆکی کوردستانیش بە سیخوڕی وان لە قەڵەم دەدا لە دانە ووتارێکی تریشیدا (هەر بە عەرەبیە شڕ و هورەکەی) بە ناونیشانی (**حول توفیر منطقة آمنة للمسیحیین فی ألعراق**) دەفەرمێت کە لە شاری موسڵەوە تا هەکاری خاکی کوردستان نیە (ڕێک نێو کەمەری کوردستان دەکات) بەڵکو خاکی ئاشوریەکانە و

بانگێشە بۆ ئەوە دەکات کە دەبێت نەتەوە یەکگرتووەکان هەرچی ئاشوری هەیە کۆ بکرێنەوە و لەو شوێنەیان نیشتەجێ بکەن و لە زەبر و زەنگیان بپارێزن بڕوانە چی ئێژێ **(نسبة غير ثابتة تتغير حسب ألزمان و ألمكان .فألقوميات ألمسيحية العراقية كانت يوما ما تشكل أكثرية فى مناطق شمال و وسط ما يعرف ألآن بألعراق)** کەواتە ئەو کوردستان بە باشووری عێراق دەزانێ و خاکی کوردستانیش بە نیشتمانی مێژوویی ئاشوریەکان دەزانێ نەک کورد داواکاری نیشتمانێکە لە ناو جەرگەی خاکی کوردستان بە مەبەستی لەت کردنی، دیارە ئەمەش گرێیەکی دەرونیە لە ناو مێشکی کەمالی سەید قادر رەنگە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە بەرێزیان لە زانکۆی سەلاحەدین دەرکراوە بە هۆی تەنکی مەعریفەیی لەو بوارەی کە خۆی دەڵێ تایبەتمەندە تێیدا، ئاشکرایە لای هەموان کە زانکۆکانی کوردستان بانگێشەیان بۆ هەمو خاوەن بڕوانامەکان کرد بگەرێنەوە ووڵات بە مەبەستی ئەوەی ئەقڵەکان لە خزمەتی نەوەی نوێی کوردستان بێت، ئەوە بوو دەیان کەس لەوانە گەرانەوە و لە زانکۆکاندا دامەزران رۆڵی بەر چاوی خۆیان بینی بەڵام چەند کەسێکی بێ تواناش کە بە رێگەی چەوت چۆل بڕوانامەیان وەرگرتووە خۆیان خزاندە ناو ئەو لێشاوە و هەر زوو دەردەکەوت کە بایی وانە ووتنەوە نین و ووردە ووردە لە سنوری زانکۆکان دەرکرانە دەرەوە، هەندێکیان بە گیانێکی وەرزشی وەریان گرت و هەندێکیان رقێکی گەورەیان لە دەروونیان شاردەوە و لە ئەنجامدا ئەو رک و کینەیان تەرجەمە کردە بۆمبایەک و لەم و لەوی دەگرن و لە شوێنی ناگونجاودا دەیتەقێننەوە و بەرژەوەندی باڵای کورد و کوردستانی پێ بریندار دەکەن. کەمالی سەید قادر نە سومبلێکی روناکبیری و نە سیاسەت مەدارێک و نە یاساناسیشە کە ئەم بەزمەی بۆ ساز بکرێت، بەڵکو لە چوارچێوەی مرۆڤێکی جنێو فرۆش و بەرژەوەند پەرست و پاڵپێوەنراو زیاتر هیچی تر نیە، ئەگەر ئەو نا هەر روناکبیرێکی کوردستانی لە سەر جنێو فرۆشتن نا بەڵکو لە سەر بیر و را دەربرین بکرێتە ناو زیندان من و هەمو کوردستانیەک بە ئەرکی سەر شانی خۆمانی دەزانین کە ئاگری دۆزەخێک بۆ دەسەڵات ساز دەین قەت کوژاندنەوەی بۆ نەبێت ئەگینا وەستان لە پشت کەسێکی وا وەستانە لە پشت ئەو بیرۆکانەی ئەو کە ناسیۆلیزمی عەرەب و تورک بە شانازیەوە لە ماڵپەرەکانیاندا بڵاویان دەکەنەوە